Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10411

# لێکدانەوەی چەمک بەپێی زانستی درککردن (زانیارییە شاراوەکانی کردەی پرس بە نموونە)

**عثمان کریم عبدالرحیم[1]، ابوبکر عمر قادر[2]**

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**٢-** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

***Article Info***

Received: February, 2023

Revised: February, 2023

Accepted: March, 2023

***Keywords***

درککردن، لێکدانەوەی چەمک، چەمکی رستەی پرس، کۆزانیاریی زمانیی، مەبەستە شاراوەکانی ڕستەی پرس

***Corresponding Author***

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لێکدانەوەی چەمک بە پێی زانستی درککردن، زانیارییە شاراوەکانی کردەی پرس بە نموونە). بە پێی تیۆرەکانی ڕێزمانی گشتگیر (U.G)، کە ئەڤرام نوام چۆمسکی سەرمەشق و داهێنەرێتی؛ کە بەشێک لە تێڕوانینەکانی هاوڕایە لەگەڵ تێڕوانینی فەیلەسوفانی پێشووتر وەک؛ ئەفلاتون و راسل و دیکارت و هاریس، هتد...، هەرچەندە زۆرێک لە پسپۆڕانی بوارەکە پشتگیری بۆچوونەکانیان کردووە، وەک؛ جاکندۆف و کرۆز و جون روس و مارک بەیکەر، هتد...، هاوکات بە پێچەوانەیشەوە دژی بۆچوونی چەندین فەیلەسوفی پێش خۆی بووە، وەک؛ جۆن لۆک و بێرکلی و هیوم و سکینەر، هتد...، چونکە ئەوان لە ڕوانگەی پسپۆڕی زانستەکانی خۆیانەوە لە زمانیان ڕوانیووە، هەرچی چۆمسکییە وەک زانایەکی زمان، هەموو تیۆرەکانی لە خزمەتی زانستی زمانە، خاڵی گرنگ و جەوهەری لە کارەکانیدا ئەوەیە؛ بۆچوونەکانی دەباتەوە بۆ ناو مێشک و لەوێوە ڕێکخستنەوەیان بۆ دەکات، لە بەرژەوەندیی ڕێزمانی گشتگیر (جیهانی)دا، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە، کە گەورەترین دانەی واتاداری زمانە. توێژینەوەکە لە سەر ئەم بنەمایانە لێکدانەوە بۆ چەمکی زمان دەکات و وابەستەی خۆیان دەکات، لە ناوەرۆکی تیۆریی توێژینەوەکەدا شرۆڤەیەکی گونجاو بۆ بۆچوونەکانی چۆمسکی کراوە، بۆ سەلماندن و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و بەستنەوەی ناوەرۆک و ڕۆنانی کردەی پرس لە سەر بنەمای ڕێزمانی گشتی، ڕستەی پرسی زمانی کوردی بە پێی زانستی درککردن پۆلێن کراوە. توێژینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت؛ بەشی یەکەم کە سێ تەوەرە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە شیی کراوەتەوە، بەشی دووەمیش بۆ پۆلێنکردنی ڕستەی پرس لە سەر بنەمای چەمک تەرخانکراوە.

## پێشەکی:

### 1-0/ گرنگیی و بایەخی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، لەوەدایە لایەنێکی تیۆریی فەرامۆشکراوی لە زمانی کوردیدا ئاشکرا کردووە، و لە قوتابخانەی درکپێکردن (cognitive) جیای کردووەتەوە، ئەویش درککردن (cognition)ە، کە بەندە بە ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە، چونکە دوو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە و بەردەوام لە ململانێدان. تیشک خراوەتە سەر لایەنێکی تیۆریی، کە بە چەمک و مەبەستە شاردراوەکانەوە گرێدراوە؛ ئەم توێژینەوەیە سوودێکی گرنگی بۆ توێژەران و خوێنەران هەیە، بە شێوەیەکی وردتر زیاتر ئەو کەسانە سوود لەم توێژینەوەیە دەبینن، کە بەپێی تیۆرەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، بە دوای چەمکە شاراوەکانی پشت ڕستەکانەوە وێڵن، هەروەها جگە لە لایەنی تیۆریی، لایەنی پراکتیکی کە لێرەدا تەرخان کراوە بۆ کردەی ڕستەی پرس، لە سەر بنەمای تیۆریی توێژینەوەکەوە دیاریی کراون، کە دەتوانرێت کردەکانی تری زمانیشی پێ بپشکنرێت. لێرەدا بایەخی توێژینەوەکە، پەیوەستە بە کردەی پرس و پۆلێنکردنی ڕستەی پرسی زمانی کوردییە لە سەر بنەمای چەمک و مەبەستەکانی پشت بەکارهێنانی ئەو جۆرە ڕستانەوەن.

**2-0/ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:** یەکێک لەو هۆکارانەی بووە هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، پێویستیی

پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زانستی بوو، لە نێوان هەردوو قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و قوتابخانەی درکپێکردندا، چونکە بنەماکانی درکپێکردن هەروەکو جاکندۆف لێی ڕوانیوە، لە قوتابخانەی بەرهەمهێنانەوە دەستی پێکردووە، تەنانەت قوتابخانەی درکپێکردن بە تەواوکەری خۆیان دەزانن، بەڵام جیاوازییەکی گرنگ لە نێوانیاندا هەیە ئەویش سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانیی و ڕێکخستنەوەی ڕۆنانە زمانەوانییەکانە، کە لەم توێژینەوەیەدا باسکراوە.

### 3-0/ سنور و کەرەسەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە مەبەستی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ڕستەی پرسە، بە پێی چەمکەکانیان لە زمانی کوردیدا، هەروەها بۆ سەلماندنی دیاردەکەش لە زمانی کوردیدا کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیی هێنراوەتە بەرباس.

### 4-0/ میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیە سوودی لێ وەرگیراوە میتۆدی پەسنکارانەیە، بەو پێیەی نموونەکان لە ئێستای زمانی کوردیی و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هەن، خراونەتەڕوو، پاشان شرۆڤە بۆ سەرجەم نموونەکان کراوە.

### 5-0/ ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت؛ لە بەشی یەکەمدا لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە و لە بەشی دووەمیشدا جۆرەکانی ڕستەی پرس بە پێی چەمک پۆلێن کراون.

## 1/ بەشی یەکەم: لێکدانەوەی چەمک لە ڕێزمانی گشتیدا

### 1-1 پێناسەی چەمک:


(چەمک) پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناو ئاوەزی مرۆڤە و لەگەڵ واتادا تێکەڵ دەبن و جیاکردنەوەیان کارێکی سانا و ئاسان نییە، لە بنەڕەتدا پرۆسەکە[1] هیچ گومانی تێدا نییە کە (چەمک) گشتییە و لە چەند واتایەک پێکهاتووە، کە لەیەکتریەوە نزیکن. بۆ نموونە کاتێک باسی چەمکی (جوانی) دەکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ بیرەکان بەرەو شتێکی ناوازە و ڕێکخراو چڕدەبنەوە، هەر ئەمەش چەمکێک پێکدەهێنێت، کە مەبەستەکانی پشت بەکارهێنانی چەمکەکە چەندین واتا دەگەیەنن، وەک؛ جوانیی گوڵێک/کچێک/ کەسێک/ کردەوەیەک/ خانوویەک/ پارکێک/ زانکۆیەک ....هتد. کەواتە واتا؛ گشتییە و لە کردەی گوتندا بەپێی مەبەستی قسەکەر/ نووسەر بەکاردەهێنرێت.

چەمک هێمایەکی بنەڕەتییە لە هەموو زمانێکدا، هەروەها کلیل و ناونیشانێکی دیاریی زمانە، توێژەر وەک هۆکارێکی هێمایی بەکاریدەهێنێت بۆ دەربڕینی و بیر و وێنا جیاوازەکان، بۆ مەبەستی ئاماژەپێکردنی بۆ خوێنەر. چەمک و واتا دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، هەریەکەیان وێنەیەکی لە ئاوەزدا بەدەستهێناوە و جیاوازیشن. (الغالي 2017، 68) واتای وشە ( Word Meaning) " ڕەنگدانەوەی پلەبەرزی واقیعە، لە مێشکی مرۆڤدا، هەر ئەو پلەیەیە، کە چەمکیش، هەیەتی. واتای وشە، گشتییە، لەهەمان کاتیشیدا، نیشانەی تایبەتی و گرنگی شتە کە، لە ئەنجامی پراکتیکی کۆمەڵدا، پەی پێبراوە". (سدیق 2016، 23)

لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە وشە دوو جۆر واتا لەخۆدەگرێت، یەکەمیان واتای چەمکییە (conceptual meaning) و دووەم واتای پەیوەست (associative meaning)ە. واتای چەمکی پێکهاتە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی واتا دەگرێتەوە، کە فەرهەنگیش (لێکسیکۆگرافیا) هەر لە شێوەی واتای چەمکییەوە دروستبووە، بۆ نموونە پێکهاتە سەرەکییەکانی وشەی دەرزی (needle) لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم وشانەی لەخۆی کۆکردووەتەوە؛ باریک (thin)، و تیژ (sharp)و کانزا/ستیل (steel) (کە لە ئاسنێکی پتەو دروستکراوە)، ئەو وشانە بەشێکن لە پێکهاتەی چەمکیی وشەی دەرزی. هەرچی ئەو وشانەی دیکەیە بە وشەی دەرزییەوە پەیوەستکراون، وەک؛ ئازار (pain) ، نەخۆش (illness)، خوێن (blood)، بێهۆشکەر (drugs)، دروومان (thread)، ...هتد. هەرچەندە ئەم واتا پەیوەستکراوانە بە وشەی دەرزی (needle)ەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز دەبێت. بڕوانە (یول 2014، 160) واتە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، کە چەمک، یەکەیەکی ناو مێشکە؛ ڕەنگدانەوەی نیشانەی گشتی و گرنگی شتومەک و دیاردە لەواقیعدا دەکات. (سدیق 2016، 24) بە شێوەیەکی وردتر (چەمک) "بەرئەنجامی تێگەیشتنە لە بابەتێک، دیدگایەکی ئاوەزی گشتییە و پەیوەستە بە هەبووەکانەوە، یان بیرە گشتییەکانە بۆ دیاریکردن و ڕێکخستنی ئەزموونەکان بەکاریاندەهێنین". (حسێن 2021، 56)

چەمک ڕەوشێکی زیندووی مەبەستدارە بۆ کارپێکردنی چالاکیی زیندەوەرە ئاڵۆزەکان وەک مرۆڤ، بریتییە لە کۆگایەکی ڕێکخراوی کۆزانیاریی، لە ڕێیەوە ڕووداو و هەڵوێستەکان دەردەبڕرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەمک جڵەوی زمانیی گرتووە و لە شێوەی تۆڕی جاڵجاڵۆکە چەمکەکانی تری زمانەکە لەخۆدەگرێت. ئەم شێوەیەی خوارەوە نەخشەیەکی گرنگی چەمکە پەیوەستەکان دەنوێنێت. (Cruse 2000، 127-128)

[1]. پرۆسەیەکی ئاوەزییە، یاخود پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیاریی و تێگەیشتن لە ڕێی بیر و ئەزموون و هەستپێکراوەکانەوەیە.




**کڵێشەی 1 چەمکە هاوبەشەکانی وشەی ئەسپ**

1- ئەسپ سەر بە چ پۆلێکی زیندەوەرە؟

2- ئەسپ لە کوێدا دەژی؟

3- ئەسپ بۆ چی بەکاردەهێنرێت؟

4- دەنگی ئەسپ چۆنە؟

ئەم پرسیارانە پەیوەندیی ئەو چەمکانەی ناو نەخشەکە دەنوێنن، بەڵام دەشێت هەریەک لەو چەمکانەی سەرەوەش پەیوەندییان بە چەند چەمکێکی تری زمانەوە هەبێت، بۆ نموونە (سم) لە زۆربەی ئاژەڵە چوارپێیەکاندا هەیە، هەروەها لە هەندێک ئاژەڵی تریش، کە بۆ مەبەستی گواستنەوە بەکاردەهێنرا، بەڵام هەندێکیشیان تایبەتن بەو ئاژەڵەی سەرەوە بۆ نموونە (حیلە) دەنگێکی تایبەتمەندی ئەو ئاژەڵەیە (ئەسپ). کەواتە چەمک و واتا؛ وێنەیان لە ناو ئاوەزی مرۆڤدا بە دەست هێناوە، بە هۆی کردەکانی گوتنەوە، کە رێکخستنێکی هێمایی گرنگ لەخۆ دەگرن و مەبەستێک دەنوێنن، مەبەست (intention) رۆڵێکی گرنگ لە روونکردنەوە و رێکخستنی رۆنانە چەمکی و واتاییەکان دەبینێت. وەک پاڵپشتییەک بۆ ئەم بۆچوونە؛ زماناسە عەرەبەکان، پێیانوایە "بە بێ دەستەبەرکردنی (مەبەست) لە قسەدا هەرگیز لە قسەکەر تێناگەین، تەنانەت واتاسازی لای ئەمان تێگەیشتنە لە مەبەستەکانی قسەکەر، بەڵام لۆجیکناسەکان تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن، چونکە ئەمان پێیانوایە خودی واتا رەهایە، تەنانەت ئەگەر قسەکەریش بیەوێ یان نەیەوێ."[2] هەروەها لەلایەن ج.فێست (Jim Feist)ەوە دوو جۆر مەبەست دیاریی کراوە؛ یەکەمیان مەبەستی سەرەکییە (Main intention)، کە لە رۆنانە سینتاکسییەکانەوە بەدەست دێن، وەک سینتاکسی راگەیاندن و داخوازی و پرس و سەرسوڕمان، هەریەکەیان رۆنانێکی واتاییان بە پێی مەبەست دەبێت، راگەیاندن و پرس دوو ئەرکی باڵای زمانن، کە هەردوکیان بە گواستنەوەی زانیارییەوە پەیوەستن. دووەمیان مەبەستی لاوەکی (Subordinate intentions)یە، کاتێک دەمانەوێت مەبەستی سەرەکی بەجێ بهێنین، بێگۆمان چەند مەبەستێکی تری لاوەکیش لەگەڵیدا بەجێ دەگەیەنین، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، وا پێویست دەکات، کردارەکان بۆ کات (Tense) گەردان بکرێن و ناوەکانیش لەڕووی ژمارە، یا جەختکردنەوە دیاریی دەکرێن، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ راڤەکردنەکانی گوێگر، واتا رێنماییکردنی گوێگر مەبەستی لاوەکیی دەگەیەنێت. (Feist 2016, 25-26)

## 2-1/ دەرکەوتنی بنەماکانی درککردن لای چۆمسکی:

لە دایکبوونی رێزمانی جیهانی (Universal Grammar) کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بنەماکانی تیۆری رەفتاریی، چونکە ئەوان پێیانوابوو زمان رفتارێکی فیزیکییە و لە سەر بنەمای کار و کاردانەوە دروستبووە، بەڵام چۆمسکی باوەڕی وابوو زمان کۆزانیارییەکە، لە ئاوەزی قسەکەردا بە شێوەیەکی ئاڵۆز و رێکخستنێکی باڵا داکراوە. چۆمسکی لەم بوارەدا بە بیرۆدزی رەسەن (داهێنانکاریی) لە زماندا ناوبانگی پەیداکرد، کە دەڵێت: مناڵ لە تەمەنی پێنج بۆ شەش ساڵیی دەتوانێت بێسنوور رستە دەربیرێت و لێی تێبگات، کە پێشتر هەرگیز نەیبیستوون. رەفتارییەکان هەر زوو وەڵامی ئەم داهێنانەیان دایەوە، بەوەی لە تیۆری فێربووندا: تۆڕێکی پەیوەندییکردن هەیە، لە لایەن سیستەمی رەفتارییەوە مرۆڤ و گیاندار شییدەکاتەوە، ئەم تۆری پەیوەندییە لە کۆمەڵێک نەریت و بانگەشەی واتایی و بیرۆکە پێکدێت. (لیونز 1985، 208) بەڵام ئەم بیرە نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، چونکە لە بەرانبەریدا بیردۆزەکەی چۆمسکی، زمانی وەک سیستەمێکی سەربەخۆ سەلماند. چۆمسکی لە سیستەمی رێزمانی جیهانیدا، چوار پرسیار(کێشە)ی گرنگ دەوروژێنێت، ئەوانیش بریتین لە؛ "1. سیستەمی کۆزانیاریی چییە؟ چ شتێک لە ئاوەزدایە، ئەو ئاوەزەی بە زمانی ئینگلیزی، ئیسپانی، یابانی ... دەدوێت چییە؟ 2. چۆن سیستەمی کۆزانیاری لە ئاوەزدا دروستبووە؟ 3. چۆن ئەم زانیارییانە لە قسەکردن، یا نووسیندا بەکاردەهێنرێن؟ 4. پرۆسە ئەندامییەکانی پێکهێنەری بنەڕەتی هەستپێکراو(Materialistic)ی سیستەمی زانیاریی و بەکارهێنانی ئەم کۆزانیارییانە چۆن دەبێت؟ (تشومسکی 1990، 12)

یەکەمین پرسیاری سیستەمی زانیاریی، بابەتی سەرەکیی توێژینەوەی رێزمانی سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەم بووە، بەڵام پرسیاری دووەم بارودۆخێکی گرنگ و تایبەت بوو، کە بە کێشەی ئەفلاتون ناودەبرێت، ئەم کێشەیەش لەلایەن فەیلەسوفی بەریتانی (براتراند راسل) لە کۆتایی کارەکانیدا رەنگی داوەتەوە و دەڵێت: "چۆن دەکرێت، تاکەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی سەرەڕای کەمی ئەزموون کردنیان لەگەڵ گەردووندا ئەوە بزانن، کە دەیزانن؟! (راسل 2022) هەروەها ئەفلاتون ئەم کێشەیەی بە ئەزموونێکی ئاوەزیی گریمانە کردووە. چۆمسکیش پێیوایە "رووکەشی زانیارییەکان و تێگەیشتنیان

[2]. بڕوانە بابەتی "الدلالة" لە (لسان نیت LISAAN.NET)، کە گەورەترین پرۆژەی فەرهەنگیی ئەلیکترۆنیی زمانی عەرەبییە، کە زانیارییەکانی لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە هەتا ئێستا لەخۆدەگرێت.

تایبەتمەندییەکی خۆرِسکییە[3]، واتە بەشێک لە ئامادەگییە زیندەییەکان بە بۆماوەییەوە بەستراوەتەوە (Genetically Determined)(تشومسکی 1990، 14) لێرەوە چۆمسکی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان خاوەن فیچەرێکی ناوازە (unique feature)یە، ئەم تایبەتمەندییەش مرۆڤ (لە رووی توانای بەستنەوەی ئاخاوتن بە بیرکردنەوە) لە تەواوی بوونەوەرانی تری جیاکردۆتەوە. زمانەوانی چۆمسکی بەپێی ئەنجامەکانی زانستی ئەزموونگەرایی پێشکەوتووە، لەگەڵ ئەو کێڵگە زانستییانەی، کەوا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئاوەز و مێشک (mind/brain) وەک زانستی دەماری (neuroscience) و زانستی درکپێکردن ( cognitive science) و دەروونزانی درکپێکردن ( cognitive psychology) ... گەشەیکردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ زمانەوانی چۆمسکی گرنگییەکی زۆری بە لایەنی زانستیی (ئەبستمۆلۆجی)، یان درککردن (epistemology/cognition) کە مرۆڤی پێ جیادەکرێتەوە، داوە. بە تایبەت ئاگایی (consciousness). بڕوانە (راجح 2019، 111)، چاپتەری یەکەمی (Chomosky 2006)

پرسیاری سێیەمی چۆمسکی بە کێشەی (دیکارت) ناودەبرێت، کە دەڵێت: "چۆن ئەم کۆزانیارییە لە قسەکردن و نوسیندا بەکاردەهێنرێن؟ ئەم پرسیارەش دوو رەهەند لەخۆدەگرێت، ئەوانیش؛ کێشەی درککردن و کێشەی بەرهەمهێنانن، کێشەی درککردن بەندە بە چۆنێتی راڤەکردنی ئەوەی گوێمان لێ دەبێت، یان دەیانخوێنینەوە. ئەم رەهەندەش چۆمسکی[4] وەک پرسێکی لاوەکیی لێیدەڕوانێت، بەڵام رەهەندی دووەم پەیوەستە بە کێشەی بەرهەمهێنانەوە، تەمومژاوییە، چونکە پرسیار دەربارەی ئەوەی وامان لێدەکات بیانڵێین، دەورووژێنێت.

(دیکارت) لە رۆچوونی پێنجەمی[5] (Meditation Five)دا پێشنیازی بیرکردنەوەی خۆرِسکیی دەکات، ئەوەی بیرماندەکەوێتەوە، بەپێی بۆچوونی ئەو، مرۆڤ شتێک فێرنابێت هەتا پێشتر شتێکی زانراوی بیرنەکەوێتەوە. (منصور 2020، 26)

واتە کۆزانیارییەکان بەشێوەیەکی خۆرِسکیانە لە ئاوەزدا بە شێوەی کۆد هەڵگیراون، هەر کۆدێکیش زانیاریی تێدایە، ئەوەشی بە پرۆسە ئاوەزییەکان ناوزەندکردووە. (عكاشة 2013، 36)

دواتر ئەم بۆچوونەش لەلایەن ئەزموونگەرایییەکانەوە بەتایبەت (جۆن لۆک و داڤید هیوم) رەخنەیەکی توندی لێگیرا، پێیانوابوو بە هیچ شێوەیەک پەی بە جیهانی دەرەوە نابرێت ئەگەر لەلایەن هەستەکانەوە ئەزموون نەکرابێت. (منصور 2020، 27)

لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاوەز و بیر بە گریمانەی "زمانەکان باشترین ئاوێنەی هۆشمەندیی مرۆڤن" (لەیبنیز Leibniz)... بیری باو ئەوەیە؛ کە وردبوونەوە لە جەوهەری رێزمانیی هەموو زمانەکان هەمان شتن، ئەگەرچی لە رووکەشیاندا جۆراوجۆرن. (رۆجەر بیکسۆن) (ت. تشومسکی 1993، 51)

لەبارەی بە دەستهێنانی زانیارییەوە زۆرێک وایدەبینن، کە هۆش "نزیکترە ئەگەر بکرێت شتێک بێت، رەخنە بگرێت، هەڵبشاخێت. لە زانیارییەکانییەوە بۆ شتێک، جامێک لە دەرەوەدا پڕاوپڕ بکات." (رالف کدورث Ralph Cudworth)

جەیمس هاریس (James Harris) دەڵێت: "گەشەی کۆزانیاری هاوشێوەی گەشەکردنی میوەیەکە، ئەگەر هەرچەندێک هاوکاربێت وەک هۆکارێکی دەرەکیی؛ ئاستی گەیوبی میوەیەک کاردەکاتە سەر گوشراو/خۆشاوەکەی ئەمەش، بە هێزی ناوەکییە درەختییەکەی دادەنرێت.

ئەگەر ئەمە لە سەر بنەمای بیردۆزەکەی ئەفلاتون بە سەر زماندا بچەسپێنرێت، کە پێیوابوو زمان وەکو دارێکی بەردار وایە، هاوشێوەی ئەو درەختە بەردارە زمانی تایبەت گەشەدەکات و دواتر لەسەر ئاستی زنجیرەیەک رووداو پێدەگات و چەند بەشێکی خۆرِسکانە نوێ دەبنەوە و لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەک، کە پێچەوانەی تێبینییەکانی بەکارهێنەری زمانەکەن.

دوای گەشەسەندنەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو (رێزمانی بەرهەمهێنان Generative Grammar) سەریهەڵدا. بەرهەمهێنان وەک تیۆرییەک بایەخی بە فۆرم و واتای دەربڕاوەکانی زمان دەدا، تێڕوانینەکانی زیاتر نزیک بوو لە (دەروونزانی تاک)ەوە؛ کە بایەخ بە بوونی واتا و پێکهاتەکان

[3]. ئەمەش بە سەرەتای خاڵی ناکۆکی قوتابخانەی درکپێکردن وقوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە دادەنرێت، چونکە قوتابخانەی درکپێکردن لەگەڵ ئەوەدا نین کۆزانیاریی زمانیی تایبەمەندییەکی خۆرِسکییان هەبێت، بەڵکو پێیانوایە سەرچاوەی کۆزانینەکان داکراون لەڕێی هەستەکانی (بینین و بیستن و بۆنکردن وتامکردن و بەرکەوتن)ەوە بەدەستدەهێنرێن. ئەمەش نزیککردنەوەی زماناسییە لە دەروونناسی.

[4]. چۆمسکی لەڕێی خستنەڕووی ئەم پرسیارانەوە دەیەوێت، زانیارییەکەی بە ڕابردوویەکی فەلسەفییەوە ببەستێتەوە، خۆی لەو زانیارییانەی ڕابردوو بەدوور نەگرێت و لێیان دانەبڕێت.

[5]. ڕۆچوون لە بەرانبەر (التأمل)ی عەرەبی و (Meditation)ی ئینگلیزی پێشنیازکراوە، بە واتای بیرکردنەوەیەکی قوڵ و ئەو بارودۆخەیە، کە مرۆڤ دەستبەرداری خۆی دەبێت و دەچێتە ناو واتا و بیرکردنەوەکانی.

دەدات، کە لە (فاکەڵتی زمان Language Faculty)[6]ەوە دەستنیشان دەکرێن.

سروشتی ئەم فاکەڵتییە توێژینەوەی تیۆریی گشتیی بونیادی زمانە، کە ئامانجی ئاشکراکردنی چوارچێوەی بنەما و ڕەگەزە هاوبەشەکانی زمانی مرۆییە. ئەم تیۆرە پێی دەگوترێت ڕێزمانی سەراپا/ گشتگیر. چۆمسکی جیاوازیی لە نێوان ڕێزمانی بونیادگەریی و بەرهەمهێناندا کردووە، قوتابخانەی بونیادگەری بە قاوغی فۆنەتیکی Externalized پەسنکردووە و بە E-language ناوهێناوە، چونکە بایەخیان بە بونیادی زمان دەدا. تەنانەت (بلۆمفێڵد)یش بەمشێوەیە پێناسەی زمانی کردووە: "زمان کۆمەڵە دەربڕاوێکە دەکرێ لە ناو کۆمەڵی خاوەن زمانەوە دەربڕێت." (ت. تشومسکی 1993، 53) ئەمەش جەختکردنەوەیە لە سەر چەمکی قاوغی زمانیی دواتر بیرۆکەیەکی جیاوازتر لەم بۆچوونانە، سەریهەڵدا ئەویش گرنگیدان بوو بە بونیادی ناوەوەی زمان. لە سەرووی هەمووشیانەوە (یسپرسن Otto Jespersen) باوەڕی بە بوونی بونیادێک لە مێشکی قسەکەردا Internalized هەبوو، کە "بیردۆزێکی دیاریکراوە لە ڕۆنانی ڕستەدا ئەویش پێکهاتەی دەربڕاوی ئازادە Free Expressions." پێیوابوو زمان بونیادێکی ناوەکیی هەیە I-language. لێرەدا زمان ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی هۆشی ئەو کەسەی زمانەکەی بەکاردەهێنێت، وەک قسەکەر و گوێگر ڕۆڵدەبینێت. (ت. تشومسکی 1993، 80) چۆمسکی زیاتر لە چەمکی I-language نزیک دەبێتەوە، وەک ئەلتەناتیڤێکی زمانیی E-language دادەنێت، ئەم گەنگەشەیەی چۆمسکی لە ساڵی 1986 بە دواوە بوو، بە شێوەیەکی ڕوون لە 1965ەوە بۆ ئەم بابەتە چووە؛ بە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکەوە و بەهۆی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە ئێمە زیاتر لە توانا ئاوەزییەکانی مرۆڤ تێدەگەین. پاڵنەری سەرەکی پشت بونیادی ڕستەی بەرهەمهێنان، بێگومان ئەمەش بە داهێنانی زمان دادەنرێت، کە لە ڕاستیدا قسەکەر لەتوانایدا هەیە، ژمارەیەکی بێ شومار ڕستە دەربڕێت، کە پێشتر نەیبیستوون. (Jackendoff 1991, 8)

درککردنیش پرۆسەیەکی ئاوەزیی گرنگە، چالاکییە ئاوەزییەکان ئاڕاستە دەکات، واتە ئامرازێکی ئاوەزییە یارمەتی تاک دەدات بۆ بەدەستهێنانی کۆزانیاریی دوای پرۆسەی پاکتاوکردنی وروووژێنەرە دەرەکییەکان. (البقمي 2018، 2598)

گوێزانەوەییەکان وایدەبینن، قسەکەر دەزانێت چۆن گوتە دەربڕێت و لێی تێبگات، هەروەها توانای ئەوەشی هەیە جڵەوی ڕستەی ڕاست و هەڵە و لێڵواتایی و ڕوونواتایی بگرێتە دەست، ڕووکەشی زمان ڕۆنانێکی ناوەکیی هەیە، قسەکەر کۆزانیارییەکانی دەربارەی زمانەکەی کۆزانینێکی گشتییە و ناڕاستەوخۆیە. (Elgin 1973, 7)

چۆمسکی وایدەبینێت، لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵسوڕێنەرە سەرەتاییەکان پێکهاتەیەکی ئەبستمییان هەیە، بەڵام کەسیش ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت. ئەگەر گریمانەی ئەوەمان کرد منداڵ چەمکی نوێکردنەوەی هەڵسوڕێنەرە سەرەتاییەکانی هەیە بە نموونە، ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە منداڵ ئاستی دیاریکردنی بکەری لە ڕستەدا هەبێت لە ڕووی سنوورەکەی – وەک ڕۆنانێکی ناوی- و لە ڕووی جێکەوتەیەوە؟ هەروەها منداڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی ڕستەیەک دەکات، ڕستەکانیش کردارەکان دەخاتە بەر بژارکردنی واتایی و دەربڕاویی لە یەک ساتدا و لە دەوروبەر و شوێنی ڕاستەقینەدا، کە لە ڕووکەشدا هەڵسوڕێنەری واتایی و دەربڕاو پێکەوە لە بونیادی کۆزانیاریی زماندان. (الزناد 2010، 59)

جگە لەو بابەتانەی چۆمسکی باسی کردوون (جاکندۆف)یش لای خۆیەوە؛ سێ ئاستی سەربەخۆی ڕۆنانیی دەستنیشانکردووە، لەوانە فۆنۆلۆجیی و سینتاکتیکی و چەمکیی. سێیەمیان خۆی لە ناوەڕۆک و واتادا دەبینێتەوە، تەنانەت لە ڕووی پرەنسیپەوە ڕۆنانی چەمکیی زۆر لە واتای زمانیی دەوڵەمەندترە. لە زۆر تیۆری زمانەوانیدا لە پاڵ گریمانەی واتا، کە بەشێکە لە ڕۆنانی واتایی، گریمانەی چەمکییش کراوە بەو پێیەی بەشێکە لە درککردنی گشتیی (General Cognition)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ڕۆنانی سینتاکسی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕۆنانی چەمکییەوە هەیە. (Cruse 2000، 129)

پێویستیی زانیاریی لە دروستبوونی مرۆڤەوە، وەک بوونەوەرێکی هۆشمەند سەرچاوەی گرتووە، پرسیارەکان لە سەر بنەمای هێزێکی ژیرییەوە بونیاد دەنرێن، هەوڵدەدەن گرنگیی جیهان دەروون و دروستکەرەوە دەردەبڕێت. بەڵگەی ژیرمەندیی مرۆڤ لە قورئاندا چەندین جار دوپاتکراوەتەوە. (الحسنی 2016، 41)

بۆ نموونە، لە قورئاندا هاتووە: " قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ." (القران الكريم: سورة الأنعام، 50)

چەمکیی شاراوەی پشت پرسیاری کۆتایی ئایەتەکە، ئەمەیە: "ئەی پێغەمبەر بەو بێ باوەڕانە بڵێ: من (واتە پێغەمبەر) بانگەشەی ئەوە ناکەم، هەموو گەنجینەی ئاسمان و زەوی هی

---

[6]. توانایەکی ئاوەزییە لەڕێیەوە قسەکەر زمانەکەی وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێتەوە، هەرچەندە زاراوەیە پێش چۆمسکی لەلایەن (ئیبن خەلدون)ەوە باسکراوە و بە (ملكة اللسان) ناویی بردووە. بڕوانە: (مقدمة ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون (1332-1404م)، الطبعة الجديدة1992، بيروت، لبنان.

منن تا مامەڵەیان پێوە بکەم و بانگەشەی ئەوەش ناکەم، کە زانیاریم دەربارەی غەیب هەیە، بەڵکو من تەنیا پێغەمبەرێکم لە لایەن خواوە نێردراوم و لە سەر ڕێنمایی پەروەرینەوە نیگا (وەحی)م بۆ دێت و منیش بە ئێوەی ڕادەگەینم، ئایا نابینا و چاوساغ وەکو یەک دەبن، ئایا ئێوە بیرناکەنەوە؟ (تفسیر المیسر)".

بۆچوونەکان دەربارەی خستنەڕووی ڕاستی زانیاریی و گرنگییەکانی جیاوازن، ئایا بوونێکی کۆنکرێتی یان ئەبستراکتی هەیە؟ ئەگەر کۆنکرێتە ئەوا پێویستە شوێنی پەی پێبردنیشی هەر کۆنکرێتی بێت، ئەگەر ئەبستراکتیشە ئەوا پەی پێبردنی ئەبستراکتی دەبێت. (الحسنی 2016، 42) بە واتا بیرکردنەوە لەم سنوورەدا شرۆڤە دەکرێت.

لە وەڵامی پرسیاری "ئایا دەتوانیت شوێنی زمان لە ناو ئاوەزدا، بخەیتە ڕوو؟ کە لە لایەن (J. Mcgilvery)یەوە ئاڕاستەی چۆمسکی کراوە، چۆمسکیش بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە: سیستەمی رووپۆشی دەمارەخانەی مێشک، کە بریتییە لە سیستەمی وەرگرتن و سیستەمی  دەرکردە. وەک سیستەمی بینین داتا و زانیارییەکان لە دەرەوە وەردەگرێت و هەندێک لە زانیارییەکان دادەکات. بەهەمانشێوە سیستەمی درکاندنیش هەندێک زانیاریی لە ناوەوە وەردەگرێت و چەند شتێکی پێ ئەنجامدەدات کاریگەری لە جیهانی دەرەرەوە دادەنێت. زمانیش هەموو ئەم سیستەمانە بەکاردەهێنێت، من گوێم لە وتەکانی تۆ دەبێت و چەند شتێک دەدرکێنم. بەڵام ئەوە تەنیا شتێکە بەهۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێت... ئەمەش بە سیستەمی کۆزانیاری زمانی دادەنرێت.  (Noam Chomsky 2012, 69)

زمان سیستەمی کۆزانیاری لەخۆدەگرێت؛ زانیاریی دەنگیی و واتایی و ڕۆنانێکی دروستی هەیە، سیستەمی درکاندن ئەو زانیارییانە دووبارە بەکاردەهێننەوە و دەیانخاتە شوێنی بەکارهێنانەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی ئەزموونیی دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە: تا چ پلەیەک سیستەمی درکاندن بە بەشێک لە فاکەڵتی زمان (FL) دادەنرێت (واتا بۆ زمان تەرخانکراوە، تایبەتتر لەگەڵ زماندا گونجاوە)؟ لە ڕووی لایەنی دەنگییەوە وەڵامەکە روون نابێت و شوێنی جیاوازییە؛ لە ڕووی واتاییشەوە پرسیارەکە گرانتر و زیاتر تەمومژیی دەهێنێتە ئاراوە ... چونکە گریمانەیەکی پێوانەیی هەیە، پێیوایە سیستەمی درکاندن لە دەرەوەی فاکەڵتی زمان (FL)ەوەیە. (سدخان 2000، 106)

ململانێ لە لێکدانەوەی زمان لە نێوان ڕێبازی هۆشمەندیی و ڕێبازی ئەزموونگەرایییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی زمان. لەکاتێکدا هۆشمەندییەکان بە ڕابەرایەتی چۆمسکی دەیگەڕێننەوە بۆ ناو ئاوەزی مرۆڤ، بە سەرچاوەی بوونی کۆزانیاریی زمانیی دەزانن، هەرچی ئەزموونگەرایییەکانن سەرچاوەی زانیاریی مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ ئەزموون، کە سەرەتای زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، پاشان بوو بە ڕێبازی ئەزموونگەریی (empiricism). (لیونز 1985، 233) ئەم جیاوازییە لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەی کۆزانیاریی مرۆڤ مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، دواتر فەیلەسوفە ئەورویی و ئەمریکییەکان جیاوازی ئەم دوو ڕێبازەیان لە پەیوەندیی نێوان ئاوەز و درککردنی جیهانی دەرەوەدا چڕ کردەوە، ئەزموونگەرایییە ئینگلیزەکان، وەک جۆن لۆک (Locke) و بێرکلی (Berkely) و هیوم (Hume) پێیانوابوو؛ شتێک نییە بە ناوی ئاوەزەوە و نکۆڵییان لە بوونیدا دەکرد، و تەنیا بە تۆمارکردنێکی خراپی هەستە سروشتییەکانیان دەزانی و بە پێی یاسای پەیوەستبوونیش هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە، هەرچی (دیکارت)ە، پێیوابوو تێگەیشتن لە جیهانی دەرەوە و درکپێکردنی لە سەر چەند بنەما و بیرێک پەیوەستە، واتە زانینی بابەت و بنەمای خۆڕسکی (innate)، ئەمانە لەدایکبووی ئەزموون نین. (لیونز 1985، 234) هاوکات چۆمسکیش پێیوایە؛ مرۆڤ چەند بنەمایەکی گرنگی هەیە، ئەویش فاکەڵتی زمانە، کە پێی دەگوترێت ئاوەز.

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بگوترێت، چۆمسکی بۆچوونەکانی دەباتەوە بۆ ئاستی مێشک، و لەوێوە دەست بە ڕێکخستنەوەی ڕێزمانی زمانەکان دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی زمانەکان (هەموو ڕستەیەک)، کە گەورەترین یەکەی ئاستی ڕێزمانە. (قادر 2010، 102) هاوکێشەی (تێگەیشتن لە سروشتی مرۆیی) بەرئەنجامی پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە؛ زمان جیهانی ناوەوەیە (ئاوەزمەندیی) و جیهانی دەرەوە (درککردنی هەستیی). ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە چۆمسکی ئامانجی لە لێکۆڵینەوەی زمان، بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی درککردنە –بەهاوکاریی زانستەکانی تر- هەوڵی تێگەیشتن لە سروشتی ئاوەزمەندیی، یان سیستەمی درککردن دەدات، ئەمەش ئامانج و مەرامی زمانەوانی چۆمسکییە.[7] (راجح 2019، 109)

### 3-1/ ڕۆڵی هەستەکان لە پێکهێنانی زانیاریدا:

هەستەکان لە پێکهێنانی زانیاریی مرۆییدا پشتئەستوورن بە وێنە و زانیاری ڕاستی جیهانی دەرەوە لە ڕێی گواستنەوەی وێنەکان بەرەو جیهانی ئاوەز، خودی هەستەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە:-

1) هەستە ڕووکەشییەکان.

---

7. چۆمسکی لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانییدا زیاتر لە کێڵگەی زمانەوانی ڕۆنانیدا بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی ناوەند و کۆتاییدا بەرەو کێڵگەی درککردن هەنگاوی ناوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو، بە باوکی زمانەوانی نوێ دادەنرا.

2) هەستە ناوەکییەکان.

### 1-3-1/ هەستە ڕووکەشییەکان:

بینین و بیستن و تامکردن و بۆنکردن و بەریەککەوتن هەستە ڕووکەشییەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن، لە ڕێیانەوە وێنای زانیارییەکان، لە جیهانی ڕاستەقینەوە بەرەو جیهانی دەرەکی دەگوێزرێنەوە. بەهای زانیارییە هەستییەکان گرنگییەکی زۆریان لەلای فەیلەسوفە ئاوەزمەندیی و ڕەهایی و نموونەییەکانەوە هەیە، بەڵگەی زانستیشیان بۆ ئەم پرۆسەیە هەردوو هەستی بینین و بیستنە؛ بە دوو گوێزەرەوەی گرنگی پەیپێبردنی مرۆڤ دادەنرێن. "کاتێک مرۆڤ هەر زانیارییەکی دەرەکی وەردەگرێت، ئەوا لە ڕێگەی یەکێک لە هەستەکانییەوە ئەو زانیارییە وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەو زانیارییەی لە وێستگەی بیستنەوە وەریدەگرێت زانیارییەکی بیستراوەییە، هەروەها ئەوەی لە ڕێگەی بینینەوە وەریدەگرێت زانیاریی بینراوەییە و ئەوەشی لە ڕێگەی بۆن یان تام یان بەرکەوتنەوە وەریدەگرێت زانیارییەکی هەستییە، کەواتە ئەو زانیارییانەی لەڕێگەی هەستەکانەوە وەریدەگرێت دەخزێنە ناو ئاوەز/عەقڵەوە." (صالح 2020، 146) وێناکردن و ئاوەزمەندیی ڕۆڵێکی گرنگی بە دەستهێنانی زمان و بەکارهێنانیدا دەبینن، چونکە وێناکردن توانایەکی ئاوەزییە ڕووکەشێک (appearance) دەدات بە چەمکەکان (concepts)، بەهۆی ئەم توانا ئاوەزییەوە، دەتوانرێت زمان بەدەست بهێنرێت و بەکاربهێنرێت. (Brouwer 2003, 74)

### 2-3-1/ هەستە ناوەکییەکان:

وێنە و زانیارییەکان بە هۆی هەستەوەرە ڕووکەشییەکانەوە پەی پێبرا و گەیشتنە شوێنێکی باڵاتر ئەویش پلەبەندیی زانیاریی/ درککردنە. دوای گەیشتن بە پلەی هەست دەگاتە پلەی خەیاڵ، کە هەڵدەستێت بە پارێزگاریکردنی وێنەکان بە شێوەیەکی کاتیی؛ دوای دابڕان بەرەو هەستی ڕاستەوخۆ دەڕوات بەرەو شتەکان واتە ڕۆڵی وەرگر و پاراستنی وێنەکان بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ئامادەبکرێن پاشان وێنە ئاوەزییەکان بەرەو هێزی ئەندێشەیی دەگوێزرێنەوە. (الحسنی 2016، 48-49)

هێزی ئەندێشەیی بەشێکە لە پەیپێبردنەکانی مرۆڤ، ڕۆڵی لە پێکهێنانی وێنە و بابەتی دەرەوەی دەسەڵاتی ئاوەز هەیە، کۆنترۆڵی هێزی ڕەفتاریی لە سەر بنەمای زانیاریی ناڕاست پێکدەهێنرێت؛ لەوانەیە ڕاستیش بێت، بەڵام بە وێنەیەکی هەڵە پلەبەندیی کراوە. پاشان ڕۆڵی هێزی ڕەفتاریی دێت، کە کار لە سەر پێکهێنانی وێنەی ئاوەزیی و هەوڵی پێکەوە بەستنی وێنەکان دەدات. بەپێی تیۆری زانیاریی "هەمیشە ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە نێوان دوو لایەندا دەبێت و بە دوو پرۆسەی جیاوازی پەیوەندییەوە ئەنجام دەدرێن، کە بریتین لە قسەکەر و گوێگر، قسەکەر بەشێکی زانیارییەکان بە کۆد دەکات و گوێگریش زانیارییە کۆدکراوەکە شی دەکاتەوە". (میلکا أفیتش، 427)

## 2/ چەمکی کردەی پرس لە زمانی کوردیدا

لە فەرهەنگی (GLOSSARY OF LINGUISTIC TERMS)دا هاتووە؛ پرس پرۆسەیەکی ئاگادارکردنەوەییە، خاڵی ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردنی تێدایە، بۆئەوەی وا لە گوێگر بکات زانیاریی پێ ببەخشێت. هەروەها دەڵێت: پرسکردن جۆرێکی ڕستەی خاوەن ڕۆنانی خۆیەتی، بەردەوام بۆ دەربڕینی کارێکی ئاگادارکەرەوە لەگەڵ خاڵی ئاڕاستەکراو و ڕاگەیەنراو بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی گوێگر بە زانیارییەکانی خۆی لە بەخشینی زانیارییدا هاوکاربێت.

دەکرێت لێرەدا دوو جۆر کردەی پرس دەربکەون؛ یەکەمیان پرسیاری جەختکردنەوەیە، پرسکەر هەوڵدەدات، وا لە گوێگر بکات، دووپاتی بکاتەوە، کە پێشنیازی پشت ڕستە پرسیارییەکە ڕاستە، یان نا، لەوانەیە گوێگر وەڵامەکەی بە ڕستەیەکی ڕاگەیاندن، یان بە ڕستەیەکی ڕاگەیاندنی نەرێ بداتەوە (جەخت بکاتەوە کە پێشنیازەکە نەگونجاوە، یان هەڵەیە)، یاخود زانیاریی دروستی لەلا نەبێت. دووەمیان ئەو پرسیارەیە، کە پرسکەر دەربارەی پێشنیازێکی دیاریکراو بزانێت، ڕەنگە گوێگر وەڵامێکی زانیاریی بەخشی لەلا بێت، لەوانەیە گوێگر نەیەوێت هاوکاربێت (زانیاریی بەخش نەبێ)، یان وا خۆی نیشان بدات هیچ زانیارییەکی لەلا نییە. (Syntax 2002)

زمان بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێت؛ یەکێکیان مەبەستی پرسکردنە، کە بۆ داواکردنی زانیاریی دەربارەی شتێک بەکاردەهێنرێت، لە هەموو زمانێکدا ئەم چەمکە بوونی هەیە، بۆ نموونە بە هەموو زمانێک دەتوانرێت ئەم پرسیارانە بکرێت؛ "کەی ڕۆیشتیت بۆ ئەوێ؟"، یان "کێت بینی؟"، "ئایا ئارەزووی ئەو کارەت هەیە؟". چەمکی پرسکردنیش بە دوو شێوازە یان پرسیاریی ڕاوەرگرتنە بە (بەڵێ و نەخێر) وەڵامدەدرێتەوە، یاخود بەهۆی وشەی پرسەوە ئەنجامدەدرێت، کە بۆ وەرگرتنی زانیارییە. هەندێکجاریش هیچ وشەیەکی پرس لە ڕۆنانی پرسیاردا نییە، بەڵکو بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاوازەکەیەوە دەتوانرێت ڕستەکە لە هەواڵییەوە بگۆڕدرێت بۆ پرسکردن، لەگەڵئەوەشدا مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا بەمشێوەیە بێت، بۆ نموونە لە زمانی چیکاسۆ (Chickasaw)ی ئەمریکیی ڕەسەندا لە قسەکردنی ئاساییدا بەرزکردنەوەی دەنگیان هەیە، بەڵام لە پرسکردندا کەوتنی دەنگ لە کۆتایی ڕستەکەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی پرسیاریی. (Polinsky 2013)

5- أ- ئەوان دواتر بە خۆشی و شادی دەژیان.

ب- ئەوان دواتر بە خۆشی و شادی دەژیان؟ (بەرزکردنەوەی دەنگ لە سەر گرێی کردارییەکەدا، ڕستەی پرس دروست دەبێت، کە هیچ وشەیەکی پرسی لەگەڵدا نییە).

## 1-2/ پرۆسەکانی کردەی پرس

1) پرس ویستی تێگەیشتن و زانین، لە بارەی شتێک، یاخود دیاردەیەک، کە لە لای ئاشنا نییە و نامۆیە.
2) هەروەها زۆرجار پرسکردن لە ئەنجامی تێنەگەیشتن و ڕامانەوە دروست دەبێت، کەسێک سەرنجی شتێک، یان کەسێکی تر دەدات و لێی تێناگات، بۆیە دەپرسێت، تا وەڵام وەردەگرێتەوە و ئاسوودە بێت.
3) تێگەیشتن؛ زانین و ناسینی شتێک بە کامی دڵ، تێگەیشتنی شتێک: خستنیە مێشکییەوە و ناسیی، لە کەسێک تێگەیشت و تێیگەیاند، ئەویش لە قسەکەر تێگەیشت، پرسیاری دەربارەی شتێک کرد بۆ ئەوەی تێیبگات، ئەویش بە باشیی تێیگەیاند. (ابن منظور 1984، 459)
4) دڵنیایی؛ پاش ئەوەی کەسەکە وەڵامی پرسیارەکەی وەرگرتەوە و دڵنیا بوو لەو وەڵامەی وەریگرتووە، بۆیە ئەویش گەیشتە ئاستی دڵنیایی.
5) هەندێکجار تینەگەیشتن دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی، چونکە پرسکردن هەندێکجار کەسی بەرانبەر دڵگران دەکات، بۆیە ئەویش وەڵامێکی وای دەداتەوە، کە ببێتە هۆی برینداربوونی هەستەکانی پرسکەر، لە ئەنجامدا هیچ ئاسوودەیی و دڵنیاییەک نایەتە ئاراوە، ڕەنگە ببێتە هەڵگیرسانی ناکۆکیی و دووبەرەکیی.

## 2-2/ پۆلێنکردنی کردەی پرس لە ڕووی چەمکەوە

چەمکی پرس بەپێی زانستی درککردن، لەلایەن پرسکەرەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و وەرگرتنی زانیارییە لە گوێگر، لە بەرانبەریشدا گوێگر بۆ چەند مەبەست و چەمکێک وەڵامەکانی بایەخدار دەکات، کە بۆ بەدەستهێنان و جێگیرکردنی چەمکە شاراوەکانی ناو ئاوەزێتی، دەتوانرێت بۆ دوو دوو مەبەست، یا زیاتر پۆلێن بکرێن، یەکەمیان مەبەستی سوودگەیاندنە بە پرسکەر و دووەمیشیان سوودگەیاندنە بە گوێگر، یاخود سوودگەیاندنە بە هەردوکیان. ئەو ڕستە پرسیارییانەی سوودی بۆ پرسکەر هەیە، بریتیە؛ لە چەمکی دامەزراندن وەک (پرسیاری ڕوون)، و بەدەستهێنانی چەمکێک، گەرمکردنی بازاڕی فرۆشیار و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی لە (پرسیاری پروپاگەندە)دا، هەروەها بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندن (پرسیاری شرۆڤەیی) بەکارهێنراوە، ئەم جۆرە ڕستەیە سوود بە هەردوو پرسکەر و وەڵامدەر هەیە، دواتر خستنەڕووی ئەزموونی تاکە کەسییە بۆ ئەوەی سوود بە کۆمەڵ بگەیەنێت وەک لە(پرسیاری ڕاگەیاندن)دا باسکراوە، هەروەها بۆ دەستخستنی زانیاری و ئەزموونەکانی ژیانە. بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی و دانپێدانانی؛ پرسکەر (کلکە پرسیار) بەکاردەهێنرێت. هەندێکجاریش بۆ دروستکردنی دوودڵی و گومانکردن وەک لە (پرسیاری گومان) بەرجەستەکراوە، هەروەها بۆ مەبەستی تەنز و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی گوێگر پرسکەر (پرسیاری گشتی) بەکاردەهێنێت، کە بە ئاوازێکی بەرز و ئاشکرا دەریدەبڕێت، جگە لەمەش جۆرێکی تری پرسیاری بۆ مەبەستی تایبەتی، کە بە ئاوازێکی نزمتر لەلایەن پرسکەرەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەک، کە لە بەشێکی ڕستەی (پرسیاری تایبەتی)یەوە دەیانخاتەڕوو.


پۆلێنکردنی پرس لە سەر بنەمای چەمک و مەبەستی قسەکەر، دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە:

### 2-2-1/ پرسیاری ڕوون (Clear questions)

جۆرێکی پرسیارە، بۆ ڕاییکردنی مامەڵە جۆراوجۆرەکانی هاوڵاتییان، وەک وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناو فۆرمێکی داواکراو، کە لە لایەن چەند فەرمانگەیەکی سەر بە حکومەت یان چینێکی دیاریکراو؛ وەک مامۆستایان و فەرمانبەران لەلایەن سەندیکاکانیانەوە هەندێکجار فۆرمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی بەکاریدەهێنن.. هەروەها بۆ مەبەستی دامەزراندن و هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشە زانستییەکان ئەم پرسیارانە گریمانەییانە لەخۆدەگرن:-

6- ناو سیانیت چییە؟
7- جۆری بڕوانامەت چییە؟
8- کەی دامەزراوییت؟ (ساڵ و مانگ و ڕۆژ دیاریی بکە)
9- چەند زمان دەزانیت؟ ....هتد.

لەبەرئەوەی گوێگر/خوێنەر دەزانێت ئەم پرسیارانە بۆ چەمک و مەبەستێکی دیاریکراوە، پێویستیان بە وڵامێکی ورد و ڕاست و دروست هەیە، بۆیە هەوڵدەدات پشت بە دۆکیومێنتەکانی ببەستێت و دوور لە تەمومژی وەڵام بداتەوە. واتە چەمکەکانی پشت ئەو پرسیارانە یەک مەبەست لەخۆدەگرێت، ئەویش چەمکی دامەزراندن و بەدەستهێنانی هەلی کارە. بۆ یە ئەو پرسیارە ئاسایییانە لەخۆدەگرێت.




**کڵێشەی 1 چەمکەکانی پرسیاری دامەزراندن**

کڵێشەی (2)، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چەمکی پرسیاری دامەزراندن، زیاتر وابەستەی بڕوانامە و خزمەت و شارەزاییە، بە سێ پرسیاری گرنگ و جەوهەری بۆ هەر تاکێک بیەوێت، لە شوێنێکی تایبەت، دابمەزرێت، ئەگەرچی ئەم پرسیارانە لە کەرتی حکومییدا زیاتر لە یەک چەمک چڕ دەبێتەوە، ئەویش بڕوانامەیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پلەبەندییەی مووچە، کە بەپێی بڕوانامە شوێن و پێگەی هەریەکێک بۆ تاکی دامەزراو دیاری کراوە، بەڵام لە کەرتی ناحکومیدا ئەم پلەبەندییە بەدی ناکرێت، بۆیە دەشێت خاوەن بڕوانامەیەکی بەرز لە شوێنێکی بێت و بە دڵی خۆی نەبێت.[8]

### 2-2-2/ پرسیاری گومان (Questions of doubt)

جۆرێکی پرسیارە، کە لە نێوان دوو شتدا نازانرێت کامەیان هەڵبژێرێت، ئەم جۆرە پرسیارە لە زماندا بە پرسیاری هەڵبژاردن، یان پرسیاری دوودڵی، کە وەڵامدەر دەخاتە، بارودۆخێکی دوو دڵییەوە بۆ ئەوەی یەکێک لە بژاردەکان هەڵبژێرێت، کە بە هۆی ئامرازی (یان)ەوە سازدەبێت. بڕوانە (العزاوي 2009)

10- (ئایا) (pro) ئاو دەخۆیتەوە، یان (pro) شەربەت؟

11- (ئایا) (pro) پارەکەت دەوێت یان (pro) ئۆتۆمبیلەکە؟

وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە هەرگیز بە (بەڵێ و نەخێر) نادرێنەوە، بەڵکو بە یەکلاییکردنەوەی گوێگر، بۆ ئەوەی یەکێک لە بژاردەکان دیاری بکات. هەروەها لە ڕووی واتاییشەوە ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە، کە پرسیارێکی لێکدراوەو لە بنەڕەتدا دوو پرسیاری هاوسەنگ لەخۆدەگرێت (1. ئایا ئاو دەخۆیتەوە؟ 2. ئایا شەربەت دەخۆیتەوە؟) ئەگەر وەڵامەکەشی بە (هیچیان) بوو ئەوا واتا هەردوو پرسیارەکەی ڕەتکردووەتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو وتی (نازانم) ئەوا هێشتا وەڵامەکەی بە تەواوی نەداوەتەوە و خۆی هێشتا یەکلایی نەکردووەتەوە، کە ئاخۆ ئاو، یان شەربەت کامیان دەچنە خانەی داواکەیەوە. بڕوانە (Braun 2011، 15)

12- (ئایا) تۆ دەڕۆیت، یان دەمێنیتەوە؟

لەم جۆرە پرسیارانە، گوێگر یەکێک لە بژاردەکان دیاری دەکات، هەندێکجاریش وەڵامی بە (نازانم) دەدرێتەوە، ئەمەش وادەکات پرسکەر هەست بە دوودڵی و ڕاڕایی گوێگر بکات. پرسیارەکە "بۆ دوو مەبەست یان پتر بە گوێگر/ یان خوێنەر ڕادەگەیەنێت، بە تەمایە یەکێکیان هەڵبژێرێت." دەشێت ئەوە لە یاد نەکرێت (لە ڕستەی پرسیاردا پارتیکڵی (ئایا) زۆرجار لادەبرێت، و تەنیا ئاوازەکە ڕۆڵی ڕستەی پرسیاری دەبینێت)، کە زۆرجار ئەم پرسیارە بۆ مەبەست و چەمکێکی شاراوە بەکاردەهێنرێت، چونکە پەیوەندیی نێوان پرسکەر و وەڵامدەر ڕۆڵی لە وەڵامەکەدا هەیە، هەروەکو لە بەشی یەکەمدا ئەوە خرایەڕوو، کە وەرگرتنی زانیارییەکان لەگەڵ زانیاریی پێشینە بەراورد دەکرێن و لە (هۆش)ی قسەکەرەوە وەڵامەکان لێکدەدرێنەوە و پاشان دەردەبڕرێن. بڕوانە (1-2)ی ئەم توێژینەوەیە

### 3-2-2/ پرسیاری شاراوە (Hidden question)

ئەم جۆرە پرسیارە، بە شێوەیەکی شاراوە و نادیار لە دووتوێی ڕستەیەکی تردا دەردەکەوێت، واتە فۆڕمی ڕستەکە هەندێکجار پرسیاریی نییە، بەڵکو لە ناوەڕۆکی ڕستەیەکی هەواڵیی، یان داخوازی، یاخود سەرسووڕماندایە، بۆ نموونە:

13- بەخوا! عەشتەبای خوا لە ماڵمان نییە.

14- حەزدەکەیت وەرە تەماشای ماڵەکە بکە.

ئەم ڕستانە، وەک پێشەکی و پێدانی دڵنیاییە بە گوێگر، کە وای لێبکات کاردانەوەیەکی هەبێت، چونکە لەم جۆرە هەڵوێستانەدا هونەری قەناعەت پێکردنیش لای قسەکەر لە پلەیەکی باڵادایە، واتە بۆ چەمک و مەبەستی بزواندنی سۆزە. ئەوەی چاوەڕوانێتی لە گوێگر، بە یارمەتی ئەو ڕستانەی سەرەوە وای لێ بکات، ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە لایەن گوێگرەوە بکرێت؛

15- دەتوانم چیتان بۆ بکەم؟ (پێشنیاز)

16- چی بەمن بکرێت بەسەرچاو؟ (ئامادەیی پرسکەر بۆ یارمەتی دان)

17- پێویستتان بە چییە؟ (بەخشندەیی)

هەموو ئەم پرسیارانە وەڵامەکەی سوودوەرگرتنە بە کردەیی لەلایەن پرسکەری هەریەک لە سێ ڕستەکەی سەرەوە، بۆ گوێگر، چونکە لە پرسیاری (15)دا چەمکی پێشنیاز و لە ڕستەی (16)دا چەمکی ئامادەیی پرسکەر بۆ یارمەتی دانی. و لە ڕستەی (17)دا چەمکی بەخشندەیی لە پرسکەر هەرسێ ڕستە پرسیارییەکە دەکرێت، ئەمەش بە ئامانجی سەرەکی ڕستە پرسیارییەکانی (13) و (14) دادەنرێت.

[8]. هەر ئەم هۆکارەیە وایکردووە، هەر کەسێک لە دوای تەواوکردنی خوێندن، ڕاستەوخۆ داوای دامەزراندن لە کەرتی حکومیدا بکات.

هەندێکجاریش سەرەتای ئەو جۆرە گفتوگۆیانە بە وشەی (پرسیارێک؟) دەستپێدەکات و پاش ئەوەی گوێگر دەیەوێت، وەڵامی بداتەوە، چەمکی پرسیارەکەی دەگۆڕێت بۆ داواکردن.

هاوکات لەم جۆرە فۆرمەدا، پێدەچێت قسەکەر پرسیارێک بوروژێنێت، بە مەبەستی پێشنیازکردن، بۆ نموونە "(ئەلیس) دەبینێت، کە (بێتی) مۆبایلی لە جانتای (کارول) دەرهێناوە و نامەکانی ناوی دەخوێنێتەوە، لەو کاتەدا (ئەلیس) بە (بیتی) دەڵێت:

پێتوایە ئەوە، کارێکی ئاسایی بێت؟

ئەم پرسیارەی (ئەلیس) ئاڕاستەی (بێتی) کردووە، لە شێوەی پێشنیازدایە، پێی دەڵێت خوێندنەوەی نامەکانی ناو مۆبایلی (کارول) کارێکی نابەجێیە. واتە پرسیارە شاراوەکە لە شێوەی پێشنیازدا دەخرێتەڕوو." (Braun 2011, 2)

جۆرێکی تری پرسیاری شاراوە، ئەوەیە لە پشت پرسیارەکەوە، پرسیارێکی شاراوە بوونی هەیە، ئەویش لێپرسینەوە لە هۆکاری ئەنجامدانی کارێک، بە هۆی چەند بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرەوە بێت، بۆ نموونە ئەگەر بێت و ژنێک لە سەر کراسی هاوسەرەکەی ببینێت پەڵەیەکی سوور بەسەریەوەیەتی، ئەوا دەکرێت پرسیارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بکات:

18- ئایا ئەوە سووراوە بە سەر کراسەکەتەوە؟

پرسیارەکە بۆ دڵنیابوونەوەیە لە مێردەکەی، ئەمەش بە پرسیارێکی سیمانتیکی پڕ واتا دەدانرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینیی وەڵامی هاوسەرەکەی دەکات؛ وەڵامێکی پرسیارێکی دیکە بداتەوە، وەک پرسیار لە هۆکاری بوونی ئەو ڕەنگە سوورەیە لە سەر کراسەکە، هەروەها پێشبینیی بوونی پەیوەندیی هاوسەرەکەی دەکات. (Braun 2011، 17)

جگە لەمەش هەر لە ڕۆنانی پرسیارێکدا پرسیارێکی تری شاراوە هەیە، کە مەبەستە واتاییەکەیە، بۆ نموونە:

19- (ئەرێ) ئەوە چیت کرد؟

ئەم پرسیارە لە رووی ڕۆنانەوە، پرسیار دەربارەی کردەوەیەک دەکات، کە لەلایەن گوێگرەوە ئەنجامدراوە، بەڵام لە رووی واتاییەوە پرسیارێکی دیکە لە ناو ئەم پرسیارەدا هەیە، کە مەبەستە سەرەکییەکەیە. کاتێک قسەکەر چاوەڕوانی کەسێکی دیکە دەکات، بەڵام ئەو درەنگ دێت، بۆیە ڕاستەوخۆ و دوای بینینی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەدرکێنێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پرسیارەکە دەربارەی هۆکاری دواکەوتنەکەیەتی نەوەک پرسیار دەربارەی شتێک. واتە (- بۆچی دواکەوتیت؟) پرسیارە شاراوەکەیە.

## 2-2-4/ پرسیاری پروپاگەندە ( Advertisement questions)

پرسیاری وروژاندن جۆرێکی گرنگی پرسیارکردنە، بۆ مەبەستی دروستکردنی متمانە لە لای بیسەر و بینەر، کە جۆرێک لە زیادەڕۆیی تێدایە، وەک ئەو هاوارکردنانەی لە بانگەشەی بازرگانیدا بەکاردەهێنرێن، هەمیشە، ڕستەکان لە شێوەی پرسیارکردنن.

20- دەزانیت ئەمە چییە؟

21- دەتەوێت تاقی بکەیتەوە؟

22- وەرن وەرن تەماشا بکەن، چیمان بۆ هێناون؟

هەر یەکێک لەو ڕستانەی سەرەوە، بەشێک نین لە گفتوگۆیەک، بەڵکو بۆ چەمک و مەبەستی دروستکردنی گفتوگۆیە لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا، کە لێرەدا هەمیشە هەمیشە فرۆشیار پرسیارێک دەوروژێنێت، کە ببێتە هۆی کۆبوونەوەی کڕیار لە دەوروبەری شتومەکەکانی، هەروەها لەگەڵ نزیک بوونەوەی هەر یەکێک لە کڕیارەکان هەوڵدەدەن گفتوگۆکانیان بە پرسیار دەست پێ بکەن، لە بەرانبەردا دەمی فرۆشیار دەکرێتەوە، هەموو ڕستە زانیاریی بەخشەکان بە شێوەی وەڵام دەبێت، تەنانەت وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەداتەوە کە هێشتا ئامادەبووەکان لێیان نەکردووە، هەموو ئەمانەش لە بانگەشەی بازرگانییدا بۆ دروستکردنی چەمکی متمانە و باوەڕپێکردن و قەناعەتکردنە.

23- ئەو هەنگوینە سروشتییە؟ (بێ فرت و فێڵە؟)

ئەم ڕستەیە زۆرجار بەکاردەهێنرێت بۆ دڵنیاکردنەوە و قەناعەت پێکردنی کڕیارەکانی فرۆشیارێک، هەنگوینەکە بە چەند شێوازێک تاقیی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، سروشتییە و فێڵی تێدا نییە، ئەگەر نەگەیشتنە دڵنیایی ئەوا کارت و ناونیشانی خۆی دەدات بە کڕیارەکە ئەمەش وادەکات دڵنیایی و باوەڕپێکردنەکە پشتڕاست بکرێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە ڕستانە، هەمیشە بۆ مەبەستی پێداهەڵدان و ڕاکێشانی کڕیارە و زیادەڕۆیی لە وەسف یان پەسنکردنیاندا هەیە.

## 2-2-5/ پرسیاری شرۆڤەیی (Analytical questions)

مامۆستایان پرسیار ئاڕاستەی فێرخوازان دەکەن، لەکاتێکدا خۆیان وەڵامەکەی دەزانن لەمەوە دوو چەمک و مەبەست دەپێکن؛ یەکەمیان ئاستی فێرخوازەکانیان بۆ روون دەبێتەوە و دەیانەوێت فێرخوازەکان وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە، هاوکات دواتر دەیانەوێت خۆشیان وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە و پاشان شیکاریی پرسیارەکە دەکەن. فێرخوازانیش هەوڵدەدەن ئەگەر هاتوو وەڵامی پرسیارەکە نەزانن ئەوا لە خودی مامۆستای وەربگرنەوە، بەمەش پرۆسەیەکی شرۆڤەیی دێتە ئاراوە، کە جۆرێک لە گفتوگۆ و ڕاڤەکردن دروست دەبێت، چونکە پرسکەر خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەزانێت. هاوکات پێویستە لێرەدا بنەمای چەندێتیی پەیرەو بکرێت و وەڵامی پرسیارەکە نەدرێژ و نە کەموکورت بێت. بڕوانە ( Braun 2011، 27)

24- مۆرفیم چییە؟

25- لێکسیک چییە؟

26- سینتاکس چیی لەخۆدەگرێت؟

هەر یەک لەو ڕستە پرسیارییانەی سەرەوە، بۆ مەبەستی زانیاریی بەخشینە، بەڵام زانیارییەکە زۆر لە پرسیارەکە زیاترە، وا لە گوێگر دەکات پشت بە زانیارییە داکراوەکانی ناو ئاوەزی ببەستێت و لەگەڵ پرسیارەکەدا بەراوردیان بکات،و ئەو زانیارییانەی لە یادگەی درێژخایەن، پێشتر بەهۆی هەستی بینین و بیستنەوە بەدەستی هێناون، لە وەڵامی هەر یەک لەو پرسیارانەی سەرەوەدا پێویستی بە هەڵڕشتنی ئەو زانیارییانە هەیە.

ئەم جۆرە لە پرسیارکردن، یاخود ئەو پرسیارانەی بەهۆی (چی)یەوە دروست دەبێت، هەموو ئەو زانیارییانە پێویستیان بە تێگەیشتنی پێشوەختە هەیە.

### 6-2-2/ پرسیاری ڕاگەیاندن (Media questions)

مەبەست لەو پرسیارانەیە، کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە، ئاڕاستەی کەسێکی تایبەتمەند دەکرێت؛ مامۆستا، پزیشک، دادوەر، بازرگان، پیشە جیاوازەکانی ناو بازاڕ، بەتایبەت ئەو پیشەوەرانەی چەند ساڵێک بە پیشەیەکی تایبەت گیرساونەتەوە، کە زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئەم پرسیارە گریمانەییانەیان لێ دەکرێت، هەر چەندە پرسکەر بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاریی نییە بۆ خودی خۆی، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێی ئەو چاوپێکەوتنەوە کەسانی تر، بینەر و بیسەری بەرنامەکەی سوود لەو زانیاریی و شارەزاییانەی پیشەوەوە بخاتە ڕوو، ئەمەش نموونەی چەند پرسیارێکی ئەگەرییە:-

27- چۆن ئەم پیشەیەت هەڵبژارد؟

28- چەند ساڵە ئەم پیشەیە دەکەیت؟

29- کێ هاوکاری کردوویت؟

30- چۆن بوویت بە خاوەن پیشەی خۆت؟

هەریەک لەم پرسیارانە داوای وەرگرتنی زانیارییە و هەرچەندە پرسیارەکان تایبەتین، بەڵام بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دەبنە پرسیاری گشتی، واتە هەریەک لەو پرسیارانە بۆ چەمک و مەبەستی گواستنەوەی ئەزموونەکانی کەسانێکی پیشەوەر و شارەزایە بۆ کۆمەڵ، کە گوێگر و بینەری ئەو جۆرە بەرنامانەن.

### 7-2-2/ پرسیاری گشتی (ڕستەیی) (total questions)

جۆرێکی گرنگی پرسیاری ئاشکرایە، بە دەنگێکی بەرز، (کە هەندێک جار بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، پرسکەر زیاتر دەنگی هەڵدەبڕێت.) گوێگریش هەندێکجار پێ گوێدانە بنەما هاریکاری پرسیارەکە، وەڵامێکی تر دەداتەوە.

31- (ئایا) نانت خوارد؟

ئەم پرسیارە دەشێت بە چەند چەمکێک وەڵام بدرێتەوە؛ (بەڵێ، با، ئا، نا ، نەخێر) کە وەک وەڵامێکی هاریکار، بەڵام دەشێت گوێگر بۆ چەمک و مەبەستی سوکایەتییکردن بە پرسکەر بە دەنگێکی بەرز و بەشێوەی تەنز بڵێ (سوێر بوو.) ئەمەش بە واتای (نەخێر) لێکدەدرێتەوە.

"پرسیاری گشتی ئەو ڕستەیەیە کە قسەکەر/ نووسەر ئاڕاستەی گوێگر، یاخود خوێنەری دەکات تاوەکو بڕیاری لە سەر بدات – بڕیار لە سەر هەموو ڕستەکە- ڕەزامەندیی یان ناڕەزامەندی لە سەر دەربڕێت." (أ. قادر 1993، 18)

### 8-2-2/ پرسیاری تایبەتی (وشەیی) ( partial questions)

ئەم پرسیارە بە پێچەوانەی پرسیاری گشتییەوە، بە دەنگێکی نزمتر ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت، واتە چەمکی پرسیارەکە و وەڵامەکەی پێویستی بە زانیاریی درێژدادڕ نابێت و پرسکەر "دەیەوێت زانیاری لە سەر خاڵێکی تایبەتی وەرگرێت لە ڕستەیەکدا، هەموو ڕستەکە ناخاتە بەر لێکدانەوە." (أ. قادر 1993، 19)

32- سەعات چەند هاتیت بۆ زانکۆ؟

ئەم ڕستەیە تەنیا بۆ مەبەستی زانینی کاتی هاتنی گوێگرە بۆ زانکۆ.

33- (تۆ) چی دەخوێنیتەوە؟

وەرگرتنی زانیاری لە سەر ئەو کتێبەی لەبەردەستیدایە.

جیاوازیی لە نێوان پرسیاری گشتیی و پرسیاری تایبەتی، ئەوەیە کە پرسیاری گشتیی بەهۆی پارتیکڵی (ئایا) دروست دەبێت، یاخود لادەبرێت و بەهۆی ئاوازەکەیەوە دروست دەبێت و وەڵامەکەیشی بە (بەڵێ و نەخێر) دەبێت. هەرچی پرسیاری تایبەتییە بە هۆی (چەند و چیی و چۆن و کێ)ەوە دروست دەبێت و وەڵامی پرسیاری تایبەتی پێویستی بە زانیارییە.

### 9-2-2/ کلکە پرسیار (question tag)

ئەو جۆرە لە پرسیار پێویستی بە چەند ڕێسایەک هەیە بۆ سازکردنی. (Heidinger 1999, 94) سەرنج بدە لەم نموونانەی خوارەوە بزانە چەند ئەستەمە بۆ مناڵێک، کە بتوانێت لەم شێوە پرسیارە دروست بکات، هەر بۆیە بە پرسیاری گران دادەنرێت، چونکە پرسکەر داوای دڵنیایی، یان دانپێدانان لە گوێگر دەکات. بە واتا ئاڕاستەکردنی ئەم جۆرە پرسیارە، بۆ چەمک و مەبەستی دانپێدانانی گوێگرە لە سەر زانیاری ئاشکراکراو، بە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوە لە چوارچێوەی واتا و چەمکی فۆرمەکانی؛ وایە، وانییە، هاوکات فۆرمەکانی پێتوایە، یان پێتباشە و نەرێکردنیان، هەمان چەمک دەردەبڕن، بەڵام پێش ڕستەی زانیاریی گەیاندن دێن، بۆ نموونە:

34- پێم وتی ئاگاداری کات بە، وانییە؟ با (ئاگادارکردنەوە)

35- ..................................، وایە؟ بەڵێ، وایە. (دانپێدانان)

36- پێتباشە بچین بۆ زانکۆ؟ بەڵێ (پێشنیاز)

37- پێتوایە لە کاتی خۆیدا مووچە بدرێت؟ برواناکەم/ نەخێر (ڕاوەرگرتن)

38- یەکجار بە زستان دەوترێت، ساردە، وانییە؟ وایە (خۆگونجاندن لەگەڵ کەشوهەواکەی)

39- منداڵەکە هێشتا نەهاتووەتەوە، وایە؟ وایە (بە تەنگەوە چوون)

40- ئیتر دوانەکەویت، باشە؟ باشە (فەرماندان)

41- شاهۆ دەزگیرانەکەی خۆشدەوێت، وایە؟ وایە (دڵنیایی)

دوای ئەوەی زانیارییەک دەدرێت بە گوێگر، پاشان بۆ وەرگرتنی بۆچوونی گوێگر (وایە، وانییە، پێتوایە، پێتباشە، ....تاد)، وەڵامەکانیش بە پێی بارودۆخ و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر دەگۆڕێت، بۆ نموونە وەڵامی (با) زیاتر لە نێوان دوو هاوڕێدا بەکاردێت، بەڵام لە نێوان کەسێکی گەورەتر لە گوێگر، زیاتر وەڵامەکان بە بەڵێ و نەخێر و وایە و ڕاستە ...هتد، دەدرێتەوە، هەروەها بەپێی باردوخیش دەشێت وەڵامەکان بگۆڕێن.[9]

لە نموونەکانی (34 بۆ 41) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە کلکە پرسیار بۆ چەند مەبەست و چەمکێکی تر بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە ڕ.(34 و 35) بۆ ئاگادارکردنەوەیە، وەڵامەکەشی دانپێدانانە، ڕ.(36) چەمکی کلکە پرسیارەکە بۆ مەبەستی پێشنیازە، ڕ(37) بۆ مەبەستی ڕاوەرگرتن بەکاردەهێنرێت، و ڕ.(38) پرسکەر ئاگاداری گوێگر دەکاتەوە و گوێگریش دەبێت خۆی لەگەڵ کەشوهەواکە ڕابێت و جلی ئەستوور لەبەربکات. ڕ.(39) ڕستە زانیاری گەیاندنەکە نەریٚ بوو، دەبیٚ کلکە پرسیار بە شێوەی ئەریٚ بێت، بە پێچەوانەیشەوە، هەر ڕاستە. هەروەها نموونەی ڕ.(40) چەمکی فەرماندان لە شێوەی ڕۆنانی کلکە پرسیاردایە، و ڕ(41)یش بۆ چەمکی دڵنیابوون لە بکەری ڕستەکە.

لە ڕووی ڕۆنانەوە کلکە پرسیار لەگەڵ پرسیاری ئاسایی بێت، ناسادە دەردەکەویت لە کۆتایی ڕستەیەکی هەواڵی، یان داخوازییەوە دێت، هاوکات ئەم ڕستانە بە شێوەیەکی نافەرمی بەکاردەهێنرێن، واتە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارناهێنرێن، لەکاتێکدا پرسیاری ئاسایی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و لە ڕۆنانێکی سادەیشدا بەرجەستە دەبێت.[10]

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێک بەدەست هاتوون:-

1) لە سەر ڕۆشنایی ڕوونکردنەوەی چەمکی وشەکاندا، لەم توێژینەوەیە چەمکی هەر یەک لەو کردە پرسیارییانەی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتە، هەر یەکەیان بۆ چەمک و مەبەستێکی دیاریکراودا هاتوونەتە ئاراوە.

2) هەر یەک لەو چەمکە پرسیارییانە بۆ سیٚ چەمک و مەبەستی سەرەکی خراونەتەڕوو، کە بەشێکیان سوودگەیاندنە بە پرسکەر و بەشێکی تریان سوود بە گوێگر دەگەیەنێت، و هاوکات بەشێکی تریشیان سوودگەیاندنە بە هەردوو پرسکەر و گوێگر.

3) گوێگر، یاخود وەڵامدەر زۆر بە گرنگییەوە لە هەندێک چەمکی پرس دەڕوانێت، چونکە دواتر بەرئەنجامی ڕاستگۆیی و وەڵامە دروستەکانی خۆی دەچنێتەوە، بۆیە لە چەمکی دامەزراندندا زۆر بە ڕوونی بە دوای وەڵامە دروست و ڕوونەکاندا دەگەڕێت بۆ ئەوەی گریٚ کوێرەی سەرجەم پرسیارە ڕوونەکانی چەمکی دامەزراندن بکاتەوە، ...هتد. کە ئەمەش لەگەڵ چەند کردەیەکی تری پرسدا بۆ ئەوەیە سوود بە گوێگر بگەیەنێت.

4) لە پرسیاری شاراوەدا هەمیشە قسەکەر، یان پرسکەر ئەو ڕستانە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و چەند ڕستەیەک وەک دەستپێکی قسە بەکاردەهێنێت، کە لە دوو توێیاندا داواکردن، یاخود پرسیارێکی شاراوە هەیە، کە دەیەوێت گوێگر بخزێنێتە ناو گفتوگۆیەکەوە و سەرنجی خۆی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و یارمەتی دارایی بدات و کۆمەکی بکات، ...هتد.

5) هەندێکجاریش ڕستەی پرسیاریی، وەک (پرسیاری ڕاگەیاندن) سوود بە کۆمەڵ و بینەری بەشێک لەو بەرنامانە تەلەفزیۆنییانە دەبێت، چونکە ئەزموونی کەسێکی سەرکەوتوو دەگوازێتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی سوودگەیاندنی کۆمەڵەوە.

6) هەروەها کردەی پرسی شرۆڤەیی، سوود بە هەردوو پرسکەر و گوێگر دەگەیەنێت، چونکە بۆ پرسکەر بۆ چەمک و مەبەستی هەڵسەنگاندنی لایەنی بەرانبەرە،

[9]. بۆ نمونە لە ڕستەی (37) دا، لە کاتی پێش دروستبوونی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان، هەمیشە بە نەخێر وەڵام دەدرایەوە، بەڵام لە سەردەمی قەیرانەکاندا، هەمیشە وەڵامی (برواناکەم) بە پەسەند دەزانرێت.

[10]. بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی (www.mahendras..org).

گوێگر، یاخود وەڵامدەریش هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارەکانی بە دروستی بداتەوە، کە زیاتر بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی نمرەیە، لە مامۆستا و هەروەها لەلایەکی ترەوە توانا و کارامەیی خۆی نیشانی پرسکەر دەدات.

## لیستی سەرچاوەکان


1. قادر, أبوبکر عمر. پرسیار لە زمانی کوردیدا. هەولێر: کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین, 1993.

2. قادر, سەباح ڕەشید. "تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا." گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە (16), 2010: 100-135.

3. سدیق, فاروق عومەر. لەدایکبوونی وشە. سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم, 2016.

4. حسێن, شیلان عومەر. "زمان و پەرەپێدانی مرۆیی In ".زانستی زمانی کارەکیی by ,شیلان عومەر حسێن, 49-84. سلێمانی: چاپخانی پیرەمێرد, 2021.

5. صالح, دەرون عبدالرحمن. ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەرونیی تاکدا. سلێمانی : چاپخانەی شڤان, 2020.

6. ابن منظور, أبو الفضل جمال الدين محمد ابن مكرم. لسان العرب ، الجزء 12. قم ، ايران: ادب الحوزة, 1984.

7. البقمي, خلود صالح عثمان الصالح و فاطمة جازي سعيد. "الفكر البيني في اللسانيات الحديثة: اتجاهات في اللسانيات النفسية." مجلة الدراسات العربية، كلية العلوم ، جامعة المنيا ,volume. 38, issue 5 , 2018: 2583-2614.

8. الحسنى, محمد على حسن. إبستمولوجيا التأويل . بيروت، لبنان: الرافدين, 2016.

9. الزناد, الأزهر. نظريات لسانية عرفنية. اليمامة، تونس: دار محمد علي للنشر, 2010.

10. العزاوي, قصي سمير. التصور والتصديق في أسلوب الاستفهام. 6 1, 2009.(accessed 11 18, 2022) www.alukah.net/sharia .

11. تشومسكى, ت. حمزة بن قبلان المزينى، نعوم. اللغة ومشكلات المعرفة، محاضرات ماناجوا. المغرب: الدار البيضاء, 1990.

12. تشومسكى, ت. محمد فتيح، نوم. المعرفة اللغوية . القاهرة: دار الفكر العربى, 1993.

13. راجح, ابراهيم محمد علي. "نظرية تشومسكى وتفسير القضايا الادراكية الذهنية: دراسة لسانية إدراكية بينية." المجلة العربية للعلوم ونشر الابحاث، العدد الثاني، المجلد الخامس, 2019: 108-119.

14. راسل, براتراند. الفيلسوف الانجليزى الشهير (1872-1970). المملكة المتحدة.UK, 6 6, 2022

15. سدخان, رمضان مهلهل. "أحدث دراسة ل(تشومسكى" تحقيقات صغرى داخل اطار المنطق الرياضي في مشكلات اللغة البشرية." الثقافة الاجنبية ، العدد الثاني, 2000: 105-128.

16. عكاشة, محمود. البراجماتية اللسانية (التداولية). القاهرة: مكتبة الاداب, 2013.

17. ليونز, ت.حلمى خليل، جون. نظرية تشومسكى اللغوية. الاسكندرية، مصر: دار المعرفة الجامعية, 1985.

18. منصور, أسماء بن. "الاسس الابستمولوجيه فى الفكر اللغوي لدى تشومسكى." مقدمات المجلد 3 ، العدد الاول, 2020: 19-47.

19. يول, و.حمزة بن قبلان المزينى ، ن.جورج. دراسة اللغة. بيروت، لبنان: جداول للنشر والترجمة والتوزيع, 2014.

20. Braun, David. "Implicating Questions." Ultimate version appeared in: Mind and Language 26, 2011: 1-38.

21. Brouwer, Elisabeth Cathérine. Imagining Metaphors, Cognitive representation in interpretation and understanding. Amsterdam: E.C.Brouwer, Amsterdam, 2003.

22. Chomosky, Naom. Language and mind. Cambridge UK: Cambridge University Press, 2006.

23. Cruse, Alan. An Introduction to Semantics and Pragmatics. NEW YORK: OXFORD UNIVERSITY PRESS, 2000.

24. Elgin, John T Grinder and suzzete Haden. guide to transfarmational grammar . Atlanta, USA: Holt McDougal, 1973.

25. Jackendoff, Ray. semantic structures. London, England: The MIT Press, Cambridge, 1991.

26. Jim Feist, Semantic Structure in English, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam / Philadelphia, 2016.

27. Noam Chomsky, Interviews with James Mcgilvray. scince of language. New York, USA: Cambridge University Press, 2012.

28. Polinsky, Maria, interview by serious science. Linguistic Theory of Question (12 23, 2013).

.29 Syntax, Intermediate. The Question Operator. Linguistics 322, 2 21, 2002.